# (١)پرۆسەی سەربازی سۆڤێت بۆ سەر ئەفغانستان وفاکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان (١٩٧٩)

پ.ی.ئارام علی مستەفا
بەشی مێژوو - كۆلێژی زاستە مرۆڤایەتیەکان
زانکۆی سلێمانی

م.ی.گۆران ابراهیم صالح
زانستە كۆمەڵایەتیەکان - كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
زانکۆی سلێمانی

ژمارە و بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی: ٨٥/٩/٢٧ لە ٢٠١٩/٤/٢٨

**الملخص**

بعد الانقلاب الاسلامی في ايران (١٩٧٩)، كان الغزو السوفيتي لأفغانستان من الأحداث الكبيرة في نهاية سبعينات من قرن العشرين، حيث أدت الى تغيرات و تطورات كبيرة في العلاقات الدولية و الاقليمية ، بما فيها الصراعات المتدامية فى الحرب الباردة بين الولايات المتحدة و الاتحاد السوفياتي، وذلك لان الموقع الجغرافى لأفغانستان كانت يمنح الاتحاد السوفيتى القدرة والامكانية لتهديد المصالح الحيوية للولايات المتحدة و حلفائها في منطقة الخليج العربي و المحيط الهندي، وذلك لأن أفغانستان كانت جزءا من استراتيجية سوفيتية للسيطرة على منطقة الخليج العربي و المحيط الهندي. ومن هنا اصبحت افغانستان ساحة صراع الدولي بين القطبين الرأسمالي الاشتراكی و العالم الاسلامی، وكانت حصيلة لصراعات الدولية والاقليمية والداخلية في أفغانستان هی هزيمة الجيش الاحمر السوفياتی في افغانستان وانسحبها منها في عام (١٩٨٩).

**Abstract**

After Islamic Revolution of Iran, The Soviet invasion of the Afghanistan in late December 1979 has had Impact on Regional and International Relations, Also The Soviet Military Poses on Afghanistan, was the source of increased hostilities of Cold War between the United States and the Soviet Union in the 1980s, Because the belief among US foreign policy-makers that the Soviet Union was finally embarking on their longtime mission of advancing upon the oil of the Persian Gulf, the warm water ports of the Arabian Sea, and Controlling the South Asia, was finally supported-a propaganda defeat for the Soviet Union. But Soviet Union Declared That Military Poses in order to help the Democratic Republic of Afghanistan, a communist state that was dependent on the Soviet Union. The study consists of One parts, and Three Branches, With the List of Sources and Conclusions, In this Study We Try to Focused on the Soviet Military Invasion of Afghanistan and Analyses of all Internal, Regional and International Factors. The study has depended on many Sources and documents.

## پێشەکی

دوای ڕوودانی شۆڕشی ئیسلامی ساڵی (١٩٧٩) لە ئێران، داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤێتەوە یەکێک بوو لەو ڕووداوە گەورانەی کۆتایی هەفتاکانی سەدەی بیست کە کاریگەری گەورەی لە سەر کۆی پەیوەندییە هەرێمی و

نێودەوڵەتییەکان و خودی ئەفغانستان و سۆڤێتیش دروست کرد، جگە لە کاردانەوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، داگیرکردنی ئەفغانستان ململانێکانی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا و سۆڤێتی بردە قۆناغێکی نوێوە، بەجۆرێك ئەم قۆناغەی جەنگی ساردی کردە قۆناغی یەکلاکەرەوە و ئەمریکای بەرەو سەرکەوتن لە جەنگی سارد و سۆڤێتیشی بەرەو شکست و هەڵوەشانەوە برد.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت وگرنگیەکەی:** زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕووداوەکە کاریگەریەکی جیهانی وەهای دروست کرد، کە دەرهاوێشتەکانی بوونە بناغەی کێشە نێودەوڵەتیەکانی دوای جەنگی سارد یش، لەلایەکی دیکەوە ئەم پرۆسە داگیرکاریەی سۆڤێت بووە یەك لە هۆکارە سەرەکیەکانی کۆتایی جەنگی سارد و جیهانی بەرەو سیستمی تاکجەمسەری برد، هەروەها ڕووداوەکە کۆی ململانێکانی نێوان ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئا و جیهانی ئیسلامی لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیستی بە سەرکردایەتی سۆڤێت لەسەر خاکی ئەفغانستان چڕ کردەوە، کە دواجار بە تێکشکانی سۆڤێت کۆتایی هات.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پشت بە ڕێبازی مێژوویی و ڕێبازی شیکاری و بەراوردکاری و (کۆڵینەوەی ژمارەیی مێژوویی- Account History) ببەسترێت، هەروەها سود لە ڕێبازەکانی زانستی ئابوری و سیاسیش وەرگیراوە، لەسەر بنەمای کۆی ئەم ڕێبازانەیش هەوڵدراوە لێکدانەوەی ئەکادیمی زانستی بۆ تەوەرکانی بابەتەکە بکرێت.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:** بێگومان هەموو توێژینەوەیەك گرفتی تایبەتی خۆی هەیە، لە دیارترین ئەو گرفتانەیشی هاتنە بەردەممان نەبوونی دەرفەت بوو بۆ سەردانی وڵاتانی دیکە و ئەفغانستان بەتایبەتی، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئەرشیفی پرۆسە سەربازیەکەی سۆڤێت و ملانێی زلهێزەکان لە سەر ئەم وڵاتە ببینین و ئامار و ژمارەی زیاترمان لە سەر کۆی ڕووداو و کاریگەریەکان دەست بکەوێت، هەروەها تا ئێستا زۆر لایەنی ئەم جەنگەی سۆڤێت لە ئەفغانستان لە ئەرشیفی ڕوسیدا بەنهێنی ماوەتەوە و بۆ لێکۆڵەرانی ئەم بوارە ئاشکرا نەکراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین لایەنی پرۆسەی سەربازی سۆڤێت بۆ سەر ئەفغانستان بە نهێنی بمێنێتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە :** لە پێشەکی و باسێك و سێ تەوەری سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە، تەوەری یەکەم : تایبەتە بە ئەنجامدانی پرۆسە سەربازیەکەی سۆڤێت بۆسەر ئەفغانستان، لەم تەوەرەدا کۆی قۆناغەکانی ئەنجامدانی پرۆسەکە لە سەرەتای دەسپێکەوە تا کۆتایی پرۆسەکە ڕوون کراوەتەوە. لە تەوەری دووەمدا : جەختمان لە سەر فاکتەرەکانی دەستێوەردانی سەربازی یەکێتی سۆڤێت لە ئەفغانستان کردووەتەوە، لەم تەوەرەدا کۆی فاکتەرەکانی تایبەت بە ئەفغانستان و فاکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤێتەوە ڕوون کراوەتەوە. تەوەری سێیەم : بۆ ئەو پرۆسە سۆڤێتیکردنە (Sovietation)ی ئەفغانستان تەرخان کراوە کە سۆڤێت بەشێوەکی چڕ و بەرنامە بۆداڕێژراو لە دوای پرۆسەکەوە دەستیپێکرد، لەم تەوەرەدا جەخت لەسەر شێوازی بەسۆڤێتیکردنی ئەفغانستان لە سەرجەم لایەنەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی و فەرهەنگی و .....هتد کراوەتەوە.

لە دیارترین ئەو سەرچاوانیشی لەم توێژینەوەیە سودیان لێ وەرگیراوەبریتینلە: (Amstutz.J: Afghanstan the First Five Years of Soviet Occupation) و ( Khalilzad: The Soviet Union and Afghanstan,Pakistan U.S Relations) کە لێکۆڵینەوەیەکە لە کتێبی (Zalmay Husain.A , rose.E: Pakistan U.S Relations)، هەروەها (Fenzel.M: The Failure of Soviet Decision Making in the Afghan War) نامەیەکی دکتۆرای

ئەکادمیای سەربازی ئەمریکایە سودی لێوەرگیراوە.لە کۆتایی توێژینەوەکەیشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

**(١-١)پرۆسەی سەربازی سۆڤێت بۆ سەر ئەفغانستان:**

بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر بوو یەکێتی سۆڤێت چاوی لە بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسی و ستراتیژیەکانی خۆی لە ئەفغانستان بڕیبوو، بەڵام تا کودەتای (بەهاری/١٩٧٨) و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی هەواداری سۆڤێت، هەلی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بۆ سۆڤێت نەگونجا. (Amstutz, 1986: P3 ) بەڵام لە دوای سەرکەوتنی کودەتاوە هەلی گەورە بۆ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازی ڕاستەوخۆی سۆڤێت بۆ ئەفغانستان هاتە کایەوە ، لەهەمان کاتدا بووە سەرەتایەکی گەورەی داگیرکاری ڕاستەوخۆی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە. (Malik, 1987:P9 ) لەگەڵ داواکاری بەردەوامی حکومەتی کابوڵ بۆ ناردنی سوپای سۆڤێتی بۆ ئەفغانستان، بەڵام تا(١٩/ ئازاری /١٩٧٩) (لیۆنید برێژنێف-Leond Brezhnev)ی سەرۆکی سۆڤێت لە میانەی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی( C.P.S.U) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە قۆناغی ئێستا کاتێکی گونجاو نیە بۆ ناردنی سوپاو بەشداری ڕاستەوخۆ لە پشێوییەکانی ئەفغانستاندا، بەڵام چەند بڕیارێکی خێرای بۆ پاڵپشتی و هاوکاری حکومەتی ئەفغان دەرکرد، لە گرنگترین ئەو بڕیارانەش: ناردنی چەك و جبەخانەی سەربازی بۆ حکومەتی کابوڵ بە شێوەیەکی خێرا، دانانی (٢) یەکەی سوپای سۆڤێتی لە سەر سنوری ئەفغانستان، ناردنی (٥٠٠) ڕاوێژکاری دیکەی سەربازی و مەدەنی، لە کاتێکدا (٥٥٠) ڕاوێژکاری دیکەی سۆڤێتی لە ئەفغانستان بوون، پێدانی قەرزێکی (١٠)ساڵی بە سودی (٢%)، بەرزکردنەوەی نرخی گازی سروشتی ئەفغانستان لە (١٥)ڕۆبڵەوە بۆ (٢٥)ڕۆبڵ بۆ هەر (م$^3$) ، دوو مانگ پاش ئەم بڕیارانە و جێبەجێکردنیان، مەکتەبی سیاسی (C.P.S.U ) بڕیاریدا بە بڕی (٥٣,٠٠٠,٠٠٠) ڕۆبڵ هاوکاری سەربازی دیکەی ئەفغانستان بکرێت. (Rasanayagam.A,2002:pp86-87)

لە کۆتایی (تشرینی دووەمی/١٩٧٩) دوای چەندین داواکاری دیکە، (حەفیزوڵلا ئەمین) داوای لە یەکێتی سۆڤێت کرد کە لە پێناو پاراستنی حکومەت و دامرکاندنەوەی هەڵگەڕانەوە و پشێویە نێوخۆییەکان دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی لە ئەفغانستان بکات (Hood bhoy:p4)، بۆ ئەو مەبەستەیش هەر لە کۆتایی مانگی (تشرینی دووەمی /١٩٧٩)دا (ڤیکتۆر پاپۆتین-Victor Papotin)ی جێگری یەکەمی وەزیری ناوخۆی سۆڤێت بە مەبەستی پێداچوونەوەی یەکەکانی وەزارەتەکەی گەیشتە کابوڵ، پاشان لەسەر دۆخی ئەفغانستان بەگشتی دەستی بەکۆکردنەوەی ڕاپۆرت کرد، دوای گەڕانەوەیشی بۆ سۆڤێت پاپۆتین پێشنیازی ناردنی سوپای سۆڤێتی بۆ ئەفغانستان کرد، پێشنیاز و ڕاپۆرت و زانیاریەکانی پاپۆتینیش لەلایەن سەرکردە باڵاکانی سۆڤێتەوە پێشوازی گەورەی لێ کرا (Feifer.G, 2009: P57 ) ، لە کۆبونەوەیەکی دیکەی مەکتەبی سیاسی (٦/کانونی یەکەمی/١٩٧٩)دا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە (حەفیزوڵلا ئەمین) جارێکی دیکە داوای ناردنی سوپای بۆ پارێزگاریکردن لە حکومەتی کابوڵ کردووە (Politburu Memorandum, December 6, 1979)، دواجار لە (١٢/کانونی یەکەمی/١٩٧٩) مەکتەبی سیاسی (C.P.S.U) بڕیاریدا پرۆسەی سەربازی بۆ ئەفغانستان ئەنجام بدات. (Dudik.C, 2009:P5) (Abu-Zahra, 2010: P28) چونکە مەکتەبی سیاسی بەرپرسیاری یەکەمی ئاسایشی نەتەوەیی و داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت بوو، (لیۆنید برێژنێف-Leond Brezhnev )ش وەك سکرتێری گشتی بووە بڕیاردەری سەرەکی دەسپێکی پرۆسەی سەربازی بۆ ئەفغانستان. (Fenzel, 2013:p45 ) بەڵام برێژنێف لە بڕیاری دەسپێکی پرۆسەی سەربازیدا پلانەکەی بەوشێوەیە ئاشکرا کرد، کە ئەوان دوای دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بۆ حکومەت

و دەسـەڵاتە سۆسیالیسـتیەکەی ئەفغانسـتان، دواتـر هەرخۆیـان و بە بڕیـارێکی دیـکەی خۆیـان پاشەکشـە لەو وڵاتە دەکەن.(Fenzel, 2013:p162)  پـێش دەسـپێکی پرۆسـەکەش لە (٩-١٠/کـانونی یەکەمـی/١٩٧٩) (٥٢٠) ئەفسـەری پـلە بـاڵای سـوپای سـوری سـۆڤێتی لەڕێـگەی فڕۆکەخـانەی بـاگرامەوە گەیشـتنە ئەفغانسـتان، بـۆ پاڵپشـتی زیـاتری هێـزە سنوریەکانی ئەفغانستانیش، یەکێتی سۆڤێت یەکەی (١٠٥)ی هێزی ئاسمانی خۆی لە (فێرگانا) لە ئۆزبەکستان و یەکەی (١٠٣)ی هێزی ئاسمانی لە (ڤیتێبسک) لە بیلاروسیا جێگیر کرد.(Feifer, 2009: P50 )

پاش ئامادەکاری تەواوەتـی و قـایمکردنی پـێگەی سیاسـی و ئـابوری خـۆی لەو وڵاتە، لە ژێـر نـاوی ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی (٣٣٣) سوپای (٤٠)[١] ی سۆڤێتی (Courtois and Others,1999:p714)  بە سەرکردایەتی (ژەنەراڵ بۆریس گرۆمـۆڤ -Gen.Boris Gromov)(Atlas Histoique, 2003: p1)    لە کـاژێر (pm:11)ی شـەو (٢٤/کـانونی یەکەمی/١٩٧٩) (٣) یەکەی سوپای سـۆڤێتی سـنوری ئەفغانسـتانیان بـڕی و چـوونە نێـو ئەو وڵاتەوە، هەروەهـا یەکەی (١٠٥)ی گاردی ئاسمانی سۆڤێت بێ هیچ بەرگریەك لە فڕۆکەخانەی کابوڵ نیشتەوە و هێزی دیـکەی ئاسـمانی سـۆڤێتی لە بنکەی ئاسمانی (باگرام)ی نزیك بە کابوڵ جێگیر کرا، سەرباری ئەوانە ژمارەیەك فڕۆکەی دیـکەی جەنگـی بۆمبهـاوێژ لە بـنکە ئاسـمانیەکانی (شـینداد) و (قەنـدەهار) لە ڕۆژئـاوا و باشـوری ئەفغانسـتان جێگیـر کـران، بـۆ پارێزگـاریکردنی پرۆسەکەش، پێشتر سۆڤێت (٢٥٠٠) سەربازی لەو فڕۆکەخانەو بنکە ئاسمانیانە دانابوو، کە دەکەوتنە باکوری کـابوڵەوە، (٦٠٠)سەربازیش تایبەتکرابوون بۆ پارێزگاری تونێلەکان، لەم کاتەشدا نزیکەی (٤٠٠٠) ڕاوێژکار و تەکنیککاری ڕوسـی لە ئەفغانسـتان هەبـوون،  (Amstutz,1986:p14 ) لە مـاوەی سـێ ڕۆژی دواتریشـدا و لە (٢٧/کـانونی یەکـەم)دا (٥٠٠٠) سەربازی دیکەی سۆڤێتی لە فڕۆکەخانەی کابوڵ دابەزین و تا کاژێر (am7:)ی بەیانی (٢٧/کانونی یەکەم) بەنێـو شـاری کـابوڵ و ناوچەکـانی دەوروبەری شـاردا بڵاوبـوونەوە.(Husain , rose.E, 1988:  PP83) جگەلە گەیشـتنی هەزاران سەرباز، سەدان تانك و بـارهەڵگرو ئوتـومبیلی سـەربازی بـۆ سـەرخاکی ئەفغانسـتان گـوێزرانەوە، دواتـر هێلیکـۆپتەری جـۆری (MI-6) و (MI-8)  سـەدان هێـزی کۆمانـدۆزی دیکەیـان دەگەیانـدە نـاوچە جیاجیاکـانی ئەفغانسـتان،  پـێش دەسـپێکی بۆردومـانی هێنـدێك لە ڕێگـاو نـاوچە سـەرەکیەکان  هێزێکـی سـۆڤێتی بە هاوکـاری ئاژانسـی هەواڵگـری سۆڤێتی (K.G.B) پەلاماری کۆشکی کۆماریان لە نـاوچەی (دار الامـان)ی پایتەخـت دا.( لۆهبیـك، کـۆرت،٢٠٠٢:ل٢٦) و پاشان هێزەکانی سۆڤێت کۆتاییان بە حکومەتە کۆمۆنیستیەکەی (حەفیزوڵا ئەمین) هێنا و هەرچی گارد و سەربازانی سـەر بەو حکـومەتە هەبـوو لە کـابوڵی پایتەختـدا لە چەك دامـاڵران، هەر لە چوارچێـوەی پرۆسـەکەدا هەرچـی پـێگەو جومگەو دەزگا سەرەکیەکانی حکومەت هەبوو لە گەڵ ئێزدگەی رادیۆی کابوڵ سەرجەمیان دەستیان بەسەردا گیرا، لە میانەی پرۆسەکە و دوای تەواوبوونی پرۆسەکەیش هێنانی سوپاو سەربازانی سۆڤێت قۆناغ بە قۆنـاغ بـۆ سـەرخاکی ئەفغانستان هەر بەردەوام بوو، تا لە سەرەتای (کانونی دووەمـی /١٩٨٠) ژمـارەی هێـزە سـەربازیەکانی سـۆڤێت لەسـەر خــاکی ئەفغانســتان گەیشــتە (50,000) و پاشــان ئەم ژمــارەیە لە مــانگی (ئــازاری/١٩٨٠) بــۆ (٨٥٠٠٠)ســەرباز بەرز کـرایەوە،(Husain and rose, 1988:  P P83) لەگەڵ (١٠٠٠) تانـك و سـەدان ئوتومبیـل و بـارهەڵگر و گـوێزەرەوەی سـەربازی،(Keesing's Record, Volume 26, May, 1980 ) لە ئەنجـامی بەرگریەکـانی ئەفغانەکـان لە  سـەروبەندی

---

١- لە بنەڕەتدا ناوی سوپای (٤٠)ی سۆڤێتی بۆ ئەو سوپا کۆکراوەیە دەگەڕایەوە کە پێکهێنرا و ئامادەکرا بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە ئەفغانستان. ( Andrei A.Doohovskoy : Soviet Counterinsurgency in the Soviet- Afghan War, Harvard University, U.S.A, 2009,P10.

پرۆسە سەربازیەکەدا، سوپای سۆڤێتی (٢٥) کوژراو و ژمارەیەك بریندار و هێزە بەرگریکارە ئەفغانیەکانیش نزیکەی (٢٠٠٠) کوژرا و ژمارەیەکی زۆر برینداریان هەبوو. (Amstutz,1986:p48)

دوای تەواوبوونی پرۆسەکەش، یەکێتی سۆڤێت لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند:" سەرۆك حەفیزوڵا ئەمین ڕاستەوخۆ داوای لەوان کردبوو کە دەستێوەردانی سەربازی لە ئەفغانستان بکەن و هێزی سەربازی سۆڤێتی ڕەوانەی ئەم وڵاتە بکەن، ئەمەش بەپێی پەیماننامەی هاوکاری و دۆستایەتی سۆڤێتی-ئەفغانی (٥/کانونی یەکەمی/١٩٧٨)." یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی سەرکردەکانی سۆڤێت جەختیان لەسەر کردەوە ئەوەبوو پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە (١٤-١٧) داوای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازیان لێ کرابوو ، بەڵام ئەمە دواجار بووە کە ئەوان ڕەزامەندیان لەسەر داوای سەرکردەکانی ئەفغانستان دەربڕیوە. (Amstutz,1986:p46)  (٥٠) خولەکیش دوای کۆتایی پرۆسەکە رادیۆی کابوڵ ڕایگەیان: "بە هۆکاری دوژمنکاری و دەستێوەردانی دەرەکی لەلایەن دوژمنانی ئەفغانستان و هەروەها بە مەبەستی پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و کۆماری دیموکراتی ئەفغانستان ، داوای هاوکاری و پاڵپشتی خێرا لە یەکێتی سۆڤێت کراوە، لە چوارچێوەی ئەو داواکاریەشدا، هاوکاری سەربازی بۆ ئەفغانستان، سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤێتیش لەلایەن خۆیانەوە ڕەزامەندیان لە  سەر داواکاریەکە دەربڕیوە." لە کاژێر (p.m3:15) جارێکی دیکە رادیۆی کابوڵ لە (٢٨/کانونی یەکەم)دا ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە کەتێیدا هاتبوو :" حەفیزوڵا ئەمین بەو تاوانەی لە لایەن دەستەی  شۆڕشگێڕانەوە ئاراستەی کرابوو، لەسێدارە درا." پاشان هەریەك لە (بابراك کارمل) و سۆڤێت جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە :" حەفیزوڵا ئەمین بە تاوانی هەڵگەڕانەوەی پشتبەستوو بە خێڵەکان ویستوویەتی ڕاپەڕین بکات، لەبەر ئەوە دەستگیرکراوە و لەسێدارە دراوە." لەگەڵ ئەوەدا ئەمین بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکاو دەزگای هەواڵگری ئەمریکی(C.I.A) تاوانبار کرا ، لەم قۆناغەش بەدواوە (بابراك کارمل) سەرکردە لە باڵی (پەرچەم)ی(پارتی گەلی دیموکراتی ئەفغانستان-P.D.P.A) بووە سەرۆکی وڵات و سکرتێری گشتی حیزب و سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئەفغانستان. لە ماوەی (٢٠)مانگی دەسەڵاتی باڵی (خەلق)بە سەرۆکایەتی (حەفیزوڵا ئەمین)(١٩٧٨-١٩٧٩) ژیان و بژێوی دانیشتوانی ئەفغانستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووی لە خراپی کردبوو ، لەگەڵ ئەوەدا کێشەو گرفتی گەورە ڕووبەڕووی کۆماری دیموکراتی ئەفغانستان بەشێوەیەکی گشتی بوویەوە، لە بەرامبەریشدا حکومەت دەستیکرد بەدوورخستنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە سەر بە باڵی (خەلق)بوون و نزیکەی (٢٠٠) پۆستی سەرەکی نێو حکومەتیان بەدەستەوە بوو، چونکە ئەم باڵە دژایەتی سەرجەم ئەو کێشەو قەیرانانەیان دەکرد کە لە سایەی دەسەڵاتی  باڵی (خەلق)دا ڕووبەڕووی ئەفغانستان بیویەوە، بەدەر لە دەزگا مەدەنیەکانی وڵات، هێزی سەربازی سوپای ئەفغانستانیش لە دۆخێکی تەواو خراپ و ناهەمواردا بوو.(Amstutz,1986:pp51-52)

لە ماوەی (١٠١) ڕۆژی دەسەڵاتی ئەمیندا چەندین ڕوودا و گۆڕانکاری خێرا لە ئەفغانستان ڕویاندا کە لەگەڵ پلان و ئاراستەکانی دەسەڵاتی ئەو پێچەوانە بوون، نزیکەی (٨٠%)ی هەرێم و ناوچەکانی ئەفغانستان چوونە دۆخی ڕاپەڕین و هەڵگەڕانەوە، حکومەتی ئەفغانیش هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ دامرکاندنەوەی ئەو هەڵگەڕانەوە و ڕاپەڕینانە خستە گەڕ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شکستی خوارد، سوپای ئەفغانیش بە شێوەیەکی لەبەر چاو کەمی کردبوو بەهۆی هەڵهاتن لە ڕیزەکانی سوپا یان لە لایەن دەسەڵاتەکەی ئەمینەوە لەسەرکار لابرابوون، بۆ نموونە لە کۆی (٦٢)ژەنەراڵی نێو سوپای ئەفغانی (٦٠)یان لە لایەن ئەمینەوە لە کارەکانیان دوورخرابوونەوە و پۆستەکانیشیان بە کاپتن و مەیجەرەکان پڕکرابوونەوە (Rasanayagam,  2002:  p81) لە هەمان قۆناغدا ئەمین لە پێدانی مافی کەمینەکان و چارەسەری کێشەکانیان شکستی خوارد، لێرەدا ئەمین سەردەمی تیرۆری دژبە هەموو نەیارەکانی خۆی و

دەسەڵاتەکەی هێنایە کایەوە، تەنانەت کاری تیرۆر و کوشتن باڵی (خەلق)ی (P.D.P.A) گرتەوە، لەو چوارچێوەیەدا چەندین جۆر و شێوازی کوشتن و تیرۆر لە دەسەڵاتەکەی ئەمیندا پەیڕەوی لێوە دەکرا لە دیارترینیان: بەکارەبا کوشتن، سوتاندن، خەساندن، کوشتن بە چەقۆ و ئامرازی دیکە، بەستنی لەسەرخۆی مرۆڤ لە نێو بەفرگرەدا، بەکارهێنانی حەوزی تێزاب و هەروەها زیندە بە گۆڕکردن، دەزگای هەواڵگری ئەفغانستانیش (خاد-KHAD)، کە لە لایەن دەزگای هەواڵگری سۆڤێت (K.G.B)وە کاری مەشق و ڕاهێنانی پێ دەکرا، کاری دەستگیر کردن و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانی هەزاران کەسی لە کۆمەڵگای ئەفغانی گرتبوویە ئەستۆ. (Margolis, 2001:P16 )

سەرباری هەموو ئەو کێشانە پارتی فەرمانڕەوا و حکومەت لە ئەفغانستان کۆپیەکی تەواوەتی مۆدێلی سۆڤێتی بوو، سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵاتیش (P.D.P.A) بوو، واتە حکومەت و دەسەڵات تاک پارتی بوو، هەرچی جومگە سەرەکیەکانی وڵاتیش هەبوو بەدەست ئەندام و کەسایەتیە دیارەکانی ئەم پارتەوە بوو، (Amstutz,1986:p57 ) هەر لە قۆناغی دەسەڵاتی ئەمیندا نزیکەی (١٢٠٠٠) زیندانی سیاسی و کەسایەتیە ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵات لە سێدارە درابوون، تاکاتی دەسپێکی پرۆسەی سەربازی سۆڤێتیش نزیکەی ساڵێك بوو جەنگی ناوخۆی ئەفغانستان دەستی پێکردبوو کە زیاد لە (٢٠٠،٠٠٠) قوربانی و ژمارەیەکی زۆر زیاتریش لەوە، ئاوارەی هەردوو وڵاتی پاکستان و ئێران ببوون(Husain and rose, 1988: P P88) دوای پرۆسەی داگیرکاری سۆڤێتیش (بابراك كارمڵ) و کەسایەتیەکانی دەوروبەری لە باڵی (پەرچەم) بوونەوە هەوادار و لایەنگرێکی توندی دەسەڵات و هەژموونی سۆڤێت لە ئەفغانستان. (Amstutz,1986:p57) لە سەروبەندی داگیرکردنی ئەفغانستانیش لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە، ئەم وڵاتە یەکێك بوو لە وڵاتە هەژارەکانی جیهان، لە پێش کودەتای (بەهاری/١٩٧٨)ەوە تا پرۆسەی سەربازی سۆڤێت ڕێژەی گەشەی ئابوری ئەفغانستان ساڵانە (١%)بوو، ئەم ڕێژەیەش لە خوار ئەو ئاستی گەشەسەندنەوەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان (U.N) بۆ وڵاتانی جیهانی دایناوە، لە گەڵ ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی ئابوری ئەفغانستان کشتوکاڵ بوو بەشێوەیەك (٧٥%) دانیشتوان بە کشتوکاڵکردنەوە خەریك بوون، بەڵام ڕێژەی (٤٠%)ی زەویە کشتوکاڵیەکانی وڵاتیش بە کەڵکی کشتوکاڵ کردن نەدەهاتن، لە ڕووی خوێندەواریشەوە زیاد (٨٥%)ی کۆی (١٥،٠٠٠،٠٠٠) کەس لە دانیشتوانی ئەفغانستان نەخوێندەوار بوون.(Amstutz,1986:p235 )

پاش کۆتایی تەواوەتی پرۆسەی سەربازی بۆ سەر ئەفغانستان و جێگیرکردنی هێزەکان، سۆڤێت ئەفغانستانی بۆ (٧)هەرێمی سەربازی دابەشکرد، (٣٠،٠٠٠) سەربازیش لەسەر سنوری سۆڤێت-ئەفغانستان بۆ پاراستنی سنوری نێوان هەردوو وڵات و بەکارهێنانی ئەو هێزە لەکاتی پێویستدا جێگیر کرا.(Husain and rose, 1988: P92) سوپای سۆڤێتیش بە تانك و چەکی قورسەوە هەرچی ڕێگا سەرەکیەکانی ئەفغانستان هەبوو بەشێوەیەکی گشتی سەرجەمیان کۆنترۆڵ کرد، بەشێوەیەکی تایبەتیش (٦) ڕێگای ستراتیژی و سەرەکیان لە هەرێم و ناوچەکانی باکور و ناوەندی ئەفغانستان بە جۆرێك کۆنترۆڵ کرد، کە جگە لە سەربازی سۆڤێتی تەنانەت سەربازی ئەفغانیش لەو ڕێگاو ناوچانە بەدی نەدەکرا. .(Amstutz,1986: p57 )

بەڵام ئەم پرۆسەیە سەربازیەی سۆڤێت بۆسەر ئەفغانستان ، پێش هەموو شتێك پێچەوانەی بەندەکانی (١) و (٢)ی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نابێت هیچ جۆرە دەستێوەردان و هێرش و پەلامارێك ئەنجام بدرێت، کە ببێتە مایەی تێکچوونی ئاسایش و سەقامگیری و لەگەڵ ئەوەشدا نابێت هیچ جۆرە کارێکی دوژمنکاری و سەرکوتکاری ئەنجام بدرێت، کە ببێتە مایەی هەڕەشە لەسەر ئاشتی و سەقامگیری هەر وڵاتێك. (Charter of the United Nations , Article 1,1945)

به پـێچەوانەوە ئەم پرۆسـەیە سـەربازیەی سـۆڤێت بۆسـەر ئەفغانسـتان بـووە هـۆی تێکچـوونی ئاسـایش و سەقامگیری ئەفغانستان و کاریگەریشـی لەسـەر دۆخـی سـەقامگیری وڵاتـانی دیـکەی دراوسـێی دروست کـرد، لەگەڵ ئەوەشـدا و لە کـاتی پرۆسـەکە و دوای ئەنجامـدانی پرۆسـەکەیش چەنـدین کـاری دوژمنکـاری و سـەرکوتکاری دژبە کۆمەڵگای ئەفغان ئەنجام درا کەدواتر کاردانەوەی توندی خوێناوی دژبە خودی سوپای سۆڤێت و حکومەتی کابوڵ لێ کەوتەوە، بەجۆرێـك بـووە فـاکتەری دەسـپێکی گەورەتـرین و خوێنـاویترین جەنگی نـاوخۆ لە مێـژووی هـاوچەرخی ئەفغانسـتاندا. سـەرەڕای هەمـوو ئەوانەش لە کـۆی داواکاریەکـانی (حەفیـزوڵڵا ئەمـین) بـۆ دەسـتێوەردانی سـەربازی سـۆڤێت، بەڕوونـی ئەوە بەدەردەکەوێـت کە داوای دەسـتێوەردان بـۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتە چەپەکەی ئەفغانسـتان و پاراستنی لە هەر چەشنە شـۆڕش و کودەتـایەك بـوو ، ئەم پرۆسـەیەش پرۆسـەیەکی داگیرکـاری بـوو، چـونکە سـوپای سۆڤێتی لە سەر داوای نوخبەیەکی سیاسی کەم، کە لەڕێگەی کودەتـاوە دەسـەڵاتیان گرتبـووە دەسـت ،پرۆسـەکەیان ئەنجامـدا، لە گەڵ ئەوەدا کێشـەکانی ئەفغانسـتان کێشـەی نێوخـۆیی بـوون و ئەم پرۆسـەیەی سـۆڤێتیش بـووە دەسـتێوەردان لە کێشـە نێوخۆییەکـانی ئەم وڵاتە، نەك پاراسـتنی ئەفغانسـتان و کۆمەڵگـای ئەفغـان، دواتـر خـودی (حەفیـزوڵڵائەمین) یـش کە سـۆڤێتی بانگێشـت کردبـوو ، لە لایەن سـۆڤێتەوە کـوژرا. دوا جـار یەکێتـی سـۆڤێت لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سەربازیدا بە بەشداری هەزاران سـەرباز و تانـك و چەکـی قـورس و هێـزی ئاسـمانی تـوانی ئەفغانستان داگیر بکات، سەرەڕای بەرگری ناوچەیی هێزە بەرگریکارە ئەفغانیەکان، سوپای سۆڤێتی بە کەمتـرین زیـان و لە کەمتــرین کاتــدا تــوانی ئەفغانســتان داگیــر بکــات، بڕیــاری داگیرکردنــی ئەفغانســتانیش لە لایەن (لیۆنیــد برێژنێـڤ -Leond Brezhnev)و ئەنـدامانی مەکتەبـی سیاسـی پـارتی کۆمۆنیسـتی سـۆڤێت (C.P.S.U) ەوە هەر لە سەرەتاوە بڕیاریارێکی هەڵە بـوو، چـونکە دوا جار کـۆی پرۆسـەکە بە زیـانی گەورە بەسـەر سـوپای سـوری سـۆڤێتیدا شکایەوە.

پرۆسەی سەربازی سۆڤێتیش لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٩) بۆ سەر ئە فغانستان چەندین فاکتەری هەبوو، کە دەتوانرێت لەسەر ئاستی نێوخۆیی ئەفغانستان و پەیوەندی ئەفغانی-سۆڤێت و لەسـەر ئاسـتی نـاوچەیی و هەرێمـی و هەروەهـا ئاستی نێودەوڵەتی دابەش بکرێن:

**(١-٢) فاکتەرەکان لەسەر ئاستی نێوخۆیی ئەفغانستان و پەیوەندی ئەفغانستان-سۆڤێت:**

یەکێتـی سـۆڤێت مەترسـی گەورەی لەوە هەبـوو کە ئەو حکـومەت و دەسـەڵاتە مارکسـیەی لە دوای کودەتـای (بەهاری/١٩٧٨)ەوە لە کابوڵ دامەزراوە شکست بهێنێت، دواتر حکومەت و دەسەڵاتێکی دیکە جێی بگرێتەوە، کە ببێتە مەترسـی بۆسـەر سـۆڤێت و سـنورەکانی، یـان لە ئەگەری سـەرکەوتنی هەرچەشـنە کـارێکی دژەکودەتـادا، سـۆڤێت پێشـبینی ئەوەی دەکـرد کە دەسـەڵاتێکی هەواداری ڕۆژئـاوای هاوشـێوەی شـای ئێـران لە ئەفغانسـتان دابمەزرێـت و ئاسایشی نەتەویی سۆڤێت بخاتە مەترسیەوە. سـەرۆك (حەفیـزوڵڵا ئەمـین) دەیویسـت بەبـێ پاڵپشـتی ڕاسـتەوخۆی یەکێتی سۆڤێت درێژە بەدەسەڵاتی خۆی بـدات، ئەم هەڵوێسـتەی ئەمینـیش ڕادەی متمـانەی کرەملینـی بەرامـبەر بەو دەسەڵاتە کەم کردبوویەوە، لە هەمـان کاتـدا مەترسـی گەورەیـان لەوە هەبـوو کە ئەمـین لە داهـاتودا ببێـتە هـۆی کەم کردنەوەی دەسەڵات و پێگەی سۆڤێت لە ئەفغانستان، سەرەڕای پاڵپشتی تونـدو هاوکـاری سـەربازی زۆری سـۆڤێتیش بـۆ حکومەتی نـوێی ئەفغانسـتان کە خـۆی لە تانـك و فـڕۆکەی جەنگـی و (٤٠٠٠)ڕاوێژکـاری سـەربازیدا بینـیەوە، بەڵام هەرچی پلانی سەربازی و کۆنترۆڵی حکومەتی ئەفغانی هەبوو سەرجەمیان شکستی خواردبوو، بە جۆرێك لە بەهـاری ساڵی (١٩٧٩)دا سەجەم دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی لەدەرەوەی شارەکان لەدەستدابوو.(Amstutz,1986:pp40-41 )

بە پێـی هەریەك لە بەنـدەكانی (٤) و(٦) لە پەیماننـامەی هاوكـاریی دۆسـتایەتی سـۆڤێت-ئەفغانسـتان ی (١٩٧٨)، یەكێتی سۆڤێت بۆی هەبوو لە كاتی پێویستدا دەستێوەردانی سەربازی بۆ نێوخۆی ئەفغانستان بكات، چونكە بە پێـی بەندی (٤) :" هەردوو لایەنی باڵای ڕێكەوتوو لەسەر بنەمای دۆسـتایەتی و پەیوەنـدی باشـی دراوسـێیەتی و هەروەها لەسەر بنەمای پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان كار دەكەن، هەر لایەك ڕاوێژ لەگەڵ ئەوی دیـكە دەكـات، هەر بەپێـی ڕێكەوتننامەكە هەنگاو بۆ پارێزگاری لە ئاسایش و سەربەخۆیی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی هەردوو وڵات دەنرێت، لە پێنـاو بەهێزكردنـی توانـای بەرگریشـدا لەسـەر بنەمـا پەیوەندیـدارەكانی تـایبەت بەو ڕێكەوتننـامەیەی واژۆ كـراوە، هەردوو لایەنی باڵای ڕێكەوتوو بەردەوام دەبن لە پەرەپێـدانی هاوكاریەكانیـان لە بـواری سـەربازیدا." بە پێـی بەنـدی (٦)ی پەیماننامەكەیش :" هەریەك لەدوولایەنی باڵای ڕێكەوتوو ئەوە ڕادەگەیەنن كە لە داهاتودا ناچنە نێو هیچ جـۆرە پەیماننامەیەكی سەربازی و هەر چەشنە پەیماننامەیەكی دیكەوە، یان بەشداری لەگەڵ هیچ جـۆرە گـروپ و وڵات یـان پرۆسـەو هەنگاوێكدا نـاكەن كە ڕاسـتەوخۆ دژ بەلایەنەكەی دیـكە بێـت." (Afghanstan and Union Of Soviet Socialist Republic, Treaty of friendship, 5/December/1978) لێرەدا سـۆڤێت دەیتـوانی ڕێـگە لە ئەفغانسـتان بگرێت بۆ لە بە ئەندامبوونی لە هەرچەشنە هاوپەیمانی و پەیمانێك كە دژ بە خواسـتەكانی یەكێتـی سـۆڤێت بێـت، لە لایەكی دیكەشەوە ئەفغانستان خۆی وڵاتێكی داخـراو بـوو، لە ڕووی ئابووریشـەوە بە پـلەی یەكەم پشـتی بە سـۆڤێت دەبەست.( هادي علی،عبدالمنعم،٢٠٠٦: ص١٢٤)

یەكێكـی دیـكە لە فاكتەرەكـانی پرۆسـەی سـەربازی بۆسـەر ئەفغانسـتان فـاكتەری ئـابوری بـوو، كە زیـاتر خـۆی لە سـەرچاوە كانزاییەكـان و گـازی سروشـتی ئە فغانسـتاندا دەبینـیەوە، لێـرەدا سـۆڤێت دەیویسـت ئەفغانسـتان لەڕووی ئـابوریەوە بەخـۆیەوە ببەسـتێتەوە.(Owens, 1989: P36 ) لە ڕوانـگەی كۆمۆنیسـتەكان و لاینگرانـی حكـومەتی كـابوڵەوە ، ئەفغانسـتان لە سـایەی سـۆڤێتەوە هەنگـاوی گەورەی نـاوە و دەتوانێـت هەنگـاوی زیـاتریش بە ئاراسـتەی پێشـكەوتنی وڵات بنێـت، هەروەهـا جەختیـان لە سـەر ئەوە دەكـردەوە كە لە سـایەی سـۆڤێتەوە ژێرخـانی ئـابوری ئەفغانستان بوژاوەتەوە و ژمارەیەكی زۆر خوێندنگای نوێ بونیاد نراون و كەرتی تەندروسـتیش پێشـكەوتنی گەورەی بەخـۆوە بینیـوە.(Chomsky, Vltchek, 2013: pp74-75 ) پـێش دەسـپێكی پرۆسـەكە سـەركردەكانی سـۆڤێت دەیانویست وەك ڕزگاركەری ئەفغانستان پاساو بۆ پرۆسە سەربازیەكەیان بهێننەوە، بۆ نمونە لە كەناڵە تەلیفیزۆنەكـانی خۆیانەوە تانك و سەربازی ئەمریكیان لە نێو خاكی ئەفغانستان نیشانی كۆمەڵگای سـۆڤێتی دەدا، بەڵام كاتێـك چـونە نێـو ئەفغانسـتانەوە ئەمە بـوونی نەبـوو، لە لایەكـی دیـكەوە سـۆڤێت دەیویسـت لە ڕێـگەی ڕاگەیانـدنەكانیەوە بـڕوای تەواوەتی بۆ سەربازان و كۆمەڵگای ڕوسـی بـۆ ئەنجامـدانی پرۆسـەی سـەربازی بۆسـەر ئەفغانسـتان دروسـت بـكات. (Owens, 1989: P36)

فاكتەرە نێوخۆییەكانی پرۆسەی داگیركـاری سـۆڤێت بۆسـەر ئەفغانسـتان ئەوە دەردەخەن، سـۆڤێت دەسـەڵاتێكی هەواداری خۆی لە ئەفغانستان دەویست، بەجۆرێك ئەو دەسەڵاتە سەرجەم بەرژەوەندیە سیاسی و سەربازی و ئابوری و سـتراتیژیەكانی سـۆڤێت بپارێزێـت، لەبەرامبەریشـدا سـۆڤێت خـۆی ئەو دەسـەڵاتە بپارێزێـت، لێـرەدا سـۆڤێت ئەفغانستانی وەك بەشێك لە قوڵایی ستراتیژی خۆی دەزانی، لەبەر ئەوە پێی وابوو سـەرهەڵدانی هەر كێشـە و ڕووداو و گۆڕانكاریەك لە ئەفغانستان، ڕاستەوخۆ كاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی سـۆڤێت دروسـت دەكـات، ئەو مەترسیانەی ئەفغانستانیش، كەسۆڤێت جەختی لەسەر دەكردنەوە بـۆ نێـو وڵاتەكەی تەشـەنە دەكـات، زیـاتر كێشـە و كـاردانەوەی نێوخـۆیی بـوون دژ بەو حكـومەتەی لەڕێـگەی كودەتـاوە دەسـەڵاتی گرتبـووە دەسـت، داوای ئەم

حكومەتەیش بۆ هاتنە ناوەوەی سوپای سۆڤێت و پارێزگاریکردنی، مانای ئەوە بوو کە ژمارەیەکی کەمی خەڵکی ئەفغانستانی لەگەڵدایە و دەسەڵاتێکی پڕ جەماوەری نیە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی هەڵەی (P.D.P.A) بوو، کە بۆ چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان ، سوپای وڵاتێکی دیکەی هێنایە سەر دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی.

**(٣-١) فاکتەرە هەرێمیەکان:**

یەك لە ئامانجەکانی یەکێتی سۆڤێت گەیشتن بوو بە ئاوەگەرمەکانی ئۆقیانوسی هیندی و پەترۆل و سەرچاوە سروشتیەکانی ناوچەی کەنداو، پێش گەیشتن بەم ناوچانەیش، سۆڤێت دەبوو ئەو پرۆسە سەربازیەی بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەفغانستان ئەنجام بدایە. .(Owens, 1989: P36 ) لێرەدا سۆڤێت دەیویست پەرە بە بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نێو سنوری (Rimland)[1] بدات، بە تایبەتیش وڵاتە پەترۆلیەکان، لە چوارچێوەی ئەم پلانەیشیدا سۆڤێت دەیویست ئاستەنگی گەورە بۆ ڕۆیشتنی پەترۆلی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا دروست بکات، لە هەمان کاتدا سۆڤێت دەیویست کاریگەری خۆی لە سەر ڕێگاکانی گواستنەوەی پەترۆڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا دروست بکات، لێرەدا کێشانی ئەو بازنە ستراتیژیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە لایەن یەکێتی سۆڤێت و بەهاوکاری وڵاتە دۆست و هاوپەیمانەکانی، دەبووە هۆی دابینکردنی سیستمێکی ئاسایشی دوورمەودا بۆ سۆڤێت، کە تێیدا دەیتوانی ڕووبەڕووی هێزە ڕۆژئاواییەکان ببێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو بازنە ستراتیژیە دەبووە هۆی دابینکردنی سەرچاوەیەکی زۆری پەترۆڵ بۆ یەکێتی سۆڤێت، لە کاتێکدا پەترۆلی سیبریا تا کاتی دەرهێنانی نرخێکی زیاتری تێدەچوو، دوا جار کاریگەریەکانی سۆڤێت مەودایەکی بەرفراوانی زیاتری بەخۆوە دەبینی و تا باشوری بازنەی (Rim land) دەڕۆی.(Eflein, 1992:PP20-21 )

یەکێتی سۆڤێت دەیویست بەم پرۆسە سەربازیە مەودای هەژموون و کاریگەریە هەرێمییەکانی سۆڤێت لە ناوچەکە زیاد بکات، لێرەدا پرۆسە سەربازیەکەی یەکێتی سۆڤێت بۆ سەر ئەفغانستان بەشێك بوو لە ستراتیژی هەرێمی سۆڤێت .(Jones and others,2011: P17 ) لە لایەکی دیکەوە بریژنێڤ جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە :" ئێمە (مەبەستی سۆڤێتیەکانە) ڕووبەڕووی قەیرانە هەرێمییەکان بووینەتەوە. (Memorandum From Zbigniew Brzezinski For the President, Subject Reflection on Soviet Intervention in Afghanistan, The White House, Washington, December 26,1979.)

فاکتەر و بنەمایەکی دیکەی پرۆسەی سەربازی سۆڤێت بۆ ئەفغانستان (دۆکترینی بریژنێڤ)[2] بوو کە پوختەکەی بریتیە لەوەی :" لە هەر کات و قۆناغێکدا هەر هێزێکی نێوخۆیی و دەرەکی دژایەتی سوسیالیزم بکات و هەوڵی بادانەوەی ڕاستەوخۆی وڵاتە گەشەسەندووەکانی سوسیالیزم بەلای سەرمایەداریدا بدات، ئەوکات مەترسی بۆسەر

[1] Rim Land: ئەو تیۆریایە بوو کە لە لایەن زانای ئەمریکی (نیکۆڵاس سپایکمان١٨٣٤-١٨٩٣)ەوە دانراوە، تیۆریاکە ڕووبەرێکی کەوانەییە کە سێ ناوچەی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش: ئەوروپا جگەلە ڕوسیا تا دەگاتە بیابانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و پاشان لە چین و ڕۆژهەڵاتی سیبریا کۆتایی دێت، ناوچەیەکی بەربەستە لە نێوان ململانێی زلهێزە ڕکابەرەکاندا، کە بەپێی ئەم تیۆریایە هەر هێزێك بتوانێت کۆنترۆڵی (Rim Land) بکات دەتوانێت کۆنترۆڵی ئۆراسیا بکات، هەرهێزێکیش کۆنرۆڵی ئۆراسیا بکات دەتوانێت کۆنترۆڵی کۆی جیهان بکات.(Bottelier,PP33-34. )

[2] دۆکترینی بریژنێڤ وەك بنەمایەکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت دوای دەستێوەردانی سەربازی پەیمانی وارشۆ لە چیکۆسلۆڤاکیا مانگی (ئابی/١٩٦٨) هاتە کایەوە، ئەم دۆکترینەش مافی دەستێوەردانی سەربازی بە بە سۆڤێت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و هەر وڵاتێکی دیکەی سۆسیالیستی دەبەخشی لە کاتێکدا ڕووبەڕووی مەترسیەکی دەرەکی یان نێوخۆیی ببێتەوە، یان هەر چەشنە هەڵگەڕانەوەیەك دژ بە سیستمی سۆسیالیستی لەو وڵاتەدا، ئەم ئەم هەنگاوەی وارشۆ بەسەرکردایەتی سۆڤێت کاردانەوەی لە لایەن ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاواوە لێ کەوتەوە (Kenneth E.Rea, 1975:PP25-30).

سیستمی سۆسیالیزم لە سەرجەم وڵاتانی دیکە و کۆمۆنیۆڵسی سۆسیالیستی بەشێوەیەکی گشتی دروست دەبێت، ئەمەش تەنها مەترسیەك نیە بۆسەر خەڵك و دانیشتوانی ئەو وڵاتە، بەڵکو کێشەیەکی هاوبەش و گشتیە کە دواتر ڕووبەڕووی سەرجەم پارت و دەسەڵاتە سۆسیالیستیەکان دەبێتەوە." (Brezhnev Doctrine, 13 November, 1968) ئەم دۆکترینەی بریژنێڤیش لای ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەوە لێکدرایەوە کە هەرکاتێك مەترسی بۆسەر وڵاتانی هەواداری نزیك بە سنوری سۆڤێت دروست ببێت، ئەوکات سۆڤێت هەرجۆرە کاردانەوەیەکی بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی سۆسیالیستی ئەو وڵاتە دەبێت لەنێویشیاندا دەستێوەردانی سەربازی. (Amstutz,1986:P42) لێرەشدا یەکێتی سۆڤێت سۆسیالیزمی لە سەر بنەماکانی ئایدۆژیای (مارکس-لینین)ی وەك ئامراز و پاساوێك بۆ بەرژەوەندیەکانی یەکێتی سۆڤێت لە سەر ئاستی نێوخۆو دەرەکی بەکاری دەهێنا، لە لایەکی دیکەوە ئەم ئایدۆلۆژیایە کاریگەری گەورەی لە سەر بڕاردەکانی سیاسەتی دەرەکی سۆڤێت و تێڕوانینی سەرکردەکانی سۆڤێت بۆ وڵاتانی جیهان هەبوو، هەروەها تێڕوانینی سەرکردە سۆڤێتیەکان لە چۆنێتی مامەڵەیان لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ئەو بابەتانەی کە پێویستە بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخی پێ بدەن. (جنسن، ١٩٨٩: ص ٨٧.) لێرەدا ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی سۆڤێتی کە بنەماکەی مارکسیزم و لینینیزم بوو، بووە بەشێکی گەورەی کەلتوری سیاسی سۆڤێت و مامەڵەو تێڕوانینی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهاندا . (Lipson, 1987:p3 ). بەڵام یەکێتی سۆڤێت لە پرۆسەی داگیرکردنی ئەفغانستاندا هەڵسەنگاندنی لە ڕادەبەدەری بۆ تواناکانی خۆی دەکرد، بە شێوەیەك خۆی نیشان دەدا کە چۆن توانیویانە وڵاتێکی هەواداری خۆیان دروست بکەن و کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی لە ئەفغانستان بەرەو سۆسیالیزم بەرن، لە دوای بانگەشەی بەکۆمۆنیزەکردنی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، سۆڤێت جەختی لە سەر بەکۆمۆنیزەکردنی وڵاتانی جیهانی سێ دەکردەوە، هەموو ئەم هەوڵانەی سۆڤێتیش کۆمەڵێك ستراتیژو پلان بوون کە لە نێوان بەرپرسانی باڵای پارتی کۆمۆنیست و کاربەدەستانی باڵای سوپای سوری سۆڤێتی دادەنران، لە لایەکی دیکەوە ئەو هێزە سەربازی و ئەتۆمیە گەورەیەی کە سۆڤێت هەیبوو وایکردبوو کە بتوانێت کاریگەری جیهانی و نێودەوڵەتی دروست بکات. ( Fenzel, 2013:p23 )

بەشێوەیەکی گشتیش هەنگاوێکی گەورەو گرنگ بوو بۆ سۆڤێت بۆئەوەی دەست بەسەر ئەفغانستاندا بگرێت، چونکە ئەوە باشترین ڕێگا بوو بۆ نزیك بوونەوە لە دەوڵەتانی وەك یەمەنی باشور و هیندستان و بۆرماو کۆریای باکورو ڤێتنام و هەروەها کۆنترۆڵی دەریایی سۆڤێت لە زەریای هیندی و ناوچە کەناراویەکانیش لە کەنداوەوە تا باشوری چین،( لۆهبیك، کۆرت،٢٠٠٢: ل٢٩) بەم هەنگاوەیش قوڵیی ستراتیژی سۆڤێتی زیادی دەکرد، کە ئەمەش گرەنتیەکی زیاتری دەدایە سۆڤێت لە کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیدا.( دسوقي، عیسی سید عیسی، ٢٠٠٥: ص ص١٣٧-١٣٨)

**(٤-١) فاکتەرە نێودەوڵەتیەکان :**

یەك لەو ئەگەرانەی سۆڤێت مەترسی گەورەی لێی هەبوو ئەوە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەلی بۆشایی سیاسی ئەفغانستان بقۆزێتەوە بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی هەواداری خۆی لە کابوڵ، پاشان لێرەوە هانی موسوڵمانەکانی نێو کۆمارەکانی ناوەندی ئاسیا دژ بە سۆڤێت بدات، لەبەر ئەوە یەکێتی سۆڤێت، یەك لە ئامانجەکانی پشت پرۆسە سەربازیەکەی، بەردەوامیدان بوو بەو دەسەڵاتە مارکسیەی لە ئەفغانستان پاش کودەتای (بەهاری/١٩٧٨) هاتبووە کایەوە. لێرەدا و لە تێڕوانینی سەرکردە باڵاکانی سۆڤێتەوە دروستبوونی دەسەڵاتی فەندەمێنتالست لە کابوڵ لە گەڵ ئەوەی کۆتایی بە ستراتیژی سۆڤێت لە ئەفغانستان دەهێنا، لەهەمان کاتدا کاریگەری لەسەر موسوڵمانەکانی

نێـو کۆمارەکـانی سـۆڤێت دروسـت دەکـرد. .(Owens, 1989: PP36-37 ) بەتـایبەتیش لەو قۆنـاغە هەسـتیارەدا کاربەدەستانی باڵای سۆڤێت مەترسی گەورەیان لەوە هەبوو کە لە ژێـر کـاریگەری شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران (١٩٧٩)بە سـەرکردایەتی (ئیمـام خـومەینی) ، ئەفغانەکـانیش شۆڕشـێکی لەو شـێوەیە بەرپـا بـکەن .( عبـدالعزیز ،٢٠٠٠: ص ٦٠٦) پاشان بەرەو ناوەندی ئاسیای سنوری یەکێتی سـۆڤێت تەشـەنە بکـات، لێـرەدا سـۆڤێت پێـی وابـوو بە کـۆنترۆڵکردنی ئەفغانستان دەتوانێت بەر بەهەر چەشنە مەترسیەکی شۆڕشی ئیسلامی بۆ نێو سنوری وڵاتەکەی بگرێت و پارێزگـاری لە پێکهاتە موسوڵمانەکەی نێو سنوری خۆی بکات کە زیاد (١٥%) پێکهاتەی دانیشتوانی یەکێتی سۆڤێتیان پێکـدەهێنا. (Feifer, 2009: P50)

تەنهـا مانگێـك پـێش دەسـتێوەردانی سـەربازی سـۆڤێت لە ئەفغانسـتان، سـۆڤێت ئەوەی بینـی کە ڕژێمـی نـوێی خومەینی چۆن ستافی باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە تاران بە بارمتە گـرت و لە بەرامبەریشـدا ویـلایەتە یەکگرتووەکـان هیچ کـاردانەوەیەکی سـەربازی گەورەی دژبە ئێـران ئەنجـام نەدا، ئەم هەڵوێسـتەی ئـەمریکایش لە پێنـاو سـەقامگیری جیهانـدا بـوو، لە بەرامـبەردا سـۆڤێتیش چـاوەڕێی هـیچ کـاردانەوەیەکی سـەربازی و گەمـارۆیەکی تێکشـکێن دژ بە وڵاتەکەی نەبـوو، لێـرەدا تێڕوانینـی مۆسـکۆ ئەوە بـوو کە پرۆسـە سـەربازیەکەی بۆسـەر ئەفغانسـتان هەڵوێسـت و کـاردانەوەی تونـدی نێـودەوڵەتی لـێ نـاکەوێتەوە.(Amstutz,1986:p45 ) لە هەمـان کاتـدا برێژنێـڤ پێـی وابـوو کە ئەمریکا بە هۆی خەریك بوونی بە کێشەو گرفتی ڕووداوی بەبارمتەگرتنی کارمەندانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و کێشەکانی دیکەی ئەمریکا لە جیهانـدا، دەرفەتـی کـاردانەوەی تونـدی بەرامـبەر بە یەکێتـی سـۆڤێت نابێـت.( تلـوعی، مەحمود،٢٠١٢: ل٣١٩) لە لایەکی دیـکەوە سـۆڤێت لەوەی دەڕوانـی کە بە بـێ کـاردانەوەی گەورەی جیهـانی توانیـوێتی بەسەرکەوتوویی دەستێوەردان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و یەمەن بکات ، هەروەها ڕەوانەکردنی (٥٠٠٠) سـەرباز بـۆ باشـوری یەمەن و جـوڵانەوەی عەدەن و جێگیرکردنـی کەشـتیگەلی سـەربازی سـۆڤێتی لە کەناراوەکـانی کوبـا. لە چوارچێوەی ململانێ توندەکانی جەنگی سارددا، یەکێتی سۆڤێت ویستی لە ڕێگەی پرۆسەی سـەربازی و داگیرکردنـی ئەفغانستانەوە خۆی وەك زلهێزێکی گەورەو کاریگەر پیشانی ئەمریکا و وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بـدات.(Amstutz,1986:p4 ) بەڵام سەرەنجام پرۆسەی داگیرکاری سۆڤێت ئەفغانستانی کردە چەقی ململانێکـانی جەنگی سـارد، پاشـان زۆرینـەی زۆری ململانێ نێودەوڵەتیەکانی نێوان هەردوو بلۆکی سۆسیالیزم و کەپیتاڵیزم لە ئەفغانستان چـڕ بـوویەوە (Qaderi, 2009: p1). لە هەمـان کاتـدا کۆتـایی بەو هێوربـوونەوەیەش هێنـا کە جەنگـی سـارد لە نیـوەی دووەمـی سـاڵانی هەفتاکاندا بەخۆوەی بینیبوو.(Ricard, 2005: P7 ) لە لایەکی دیکەوە سۆڤێت دەیویست ململانێکانی جەنگـی سـارد بە سەرکەوتنی تەواوەتی یەکێتی سۆڤێت کۆتاییان پێبێت.(Fenzel,2013:p45 )

سەرەڕای ئەنجامـدانی پرۆسـە سـەربازییەکە، هەر لە سـەرەتاوە ژمـارەیەك لە سـەرکردە سیاسـی و سـەربازیەکانی سـۆڤێت دژ بە ئەنجامـدانی ئەو پرۆسـەیە بـوون، (ئێـدوارد شـڤارنادزێ-Edward Shevardandez) و (میخائیـل گۆباچیۆڤ-Mekhail Gorbachev)[1] وەك سەرکردەی دیار و باڵای نێو پارتی کۆمۆنیست پرۆسەی سـەربازیان بۆسـەر ئەفغانستان بە (هەڵەی کوشندە )دادەنا.(Fenzel,2013:p85 ) لە (کانونی دووەمی /١٩٨٠) (یـوری ئەنـدرۆپۆڤ- Yuri

---

١ میخائیل سێرگیفیتش گۆرباچۆڤ (١٩٣١-): لە گوندێکی سەر بەناوچەی (کراسنۆکفاردیسکیس) لە هەرێمی (ستافرۆبۆڵ) لەدایکبووە، ساڵی (١٩٥٢) چووەتە نێو پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت و ساڵی (١٩٥٥) کۆلێژی مافی زانکۆی مۆسکۆی تەواوکردووە، لە (١٩٦٧) بڕوانامەی ماستەری لە ئابوری کشتوکاڵ بەدەست هێناوە، لە (١٩٨٠) بووتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت و ساڵی (١٩٨٥) بووە بە سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیست و تاساڵی (١٩٩١) پۆستی سەرۆکی یەکێتی سۆڤێتی هەبووە. (صابر صالح، یاسین، ٢٠٠٩:ل١٧٧)

Andropov) سەردانی کابوڵی کرد و دوای هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، لە گەڕانەوەیدا پێشنیازی پاشەکشەی بۆ مەکتەبی سیاسی (C.P.S.U)کرد، هەریەك لە (ئۆستینۆڤ)ی وەزیری بەرگری و (گرۆمیکۆ)ی وەزیری دەرەوە" وەك دوو سەرکردەی باڵای دیکەی پارتی کۆمۆنیست بەرامبەر ئەنجامەکانی پرۆسەی سەربازی ڕەشبین بوون، لەگەڵ ئەوەشدا داوای دەستبەجێ پاشەکشەی سۆڤێتیان کرد، چونکە پێیان وابوو سۆڤێت ناتوانێت ڕووبەڕووی سەرجەم کاردانەوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ببێتەوە و سەرەنجامیش مەودای پرۆسەکە کورت دەبێت. هەروەها هەریەك لە سەرکردە سەربازیەکانی وەك (مارشاڵ ئۆگارکۆڤ-Marshal Ogarkov ) و(ژەنراڵ ڤارینکۆڤ-General Varenikov ) و (ژەنراڵ سێرگی ئاخرۆمێڤ- General Sergei Akhromeev ) جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەستێوەردانی سەربازی چارەسەری کێشەی ئەفغانستان ناکات و سۆڤێتیش ناتوانێت گروپە بەرهەڵستکارەکان بە تەواوەتی لەناوببات. لێرەدا و هەر لە سەرەتای پرۆسەی سەربازی بۆسەر ئەفغانستان بابەتی کشانەوەی سوپای سۆڤێتی بووە یەك لە گفتوگۆ جدیەکانی نێو ئیدارەی برێژنێڤ، چونکە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی سۆڤێت پێیان وابوو، دوای جێگیرکردنی دەسەڵاتی حکومەتی کابوڵ و سەقامگیری دۆخەکە، پێویستە سوپای سۆڤێتی بەتەواوەتی پاشەکشە بکات، لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی دیکە لەسەرکردەکانی سۆڤێت پێیان وابوو کە سوپای سۆڤێتی ڕووبەڕووی جەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گروپە بەرهەستکارەکان دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا پێیان وابوو کە پێویستە ئەو جەنگە سوپای ئەفغانی بیکات نەك سوپای سۆڤێتی، لەم سەرەتایەدا سەرکردەکانی سۆڤێت هیوایەکی گەورەیان بە سوپای ئەفغانی هەبوو، بەڵام دواتر بەوشێوە دەرنەچوو.(Fenzel,2013:pp87-88 ).

لەگەڵ ئەوەی هەر لەسەرەتای (١٩٨٠) مەکتەبی سیاسی گفتوگۆی لەسەر خاڵە پۆزەتیڤەکانی پاشەکشە کرد، بەڵام دەزگای سەربازی سۆڤێت لەگەڵ ئەو بڕیارەدا نەبوو، چونکە ئەوان جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە سۆڤێت لە دابینکردنی سەقامگیری بۆ ئەفغانستان ئەرکی تەواوەتی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هەر لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە سوپای سوری سۆڤێتی توانی ببێتە کۆڵەکەیەکی ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەیی گەورە لە چوارچێوەی سیستمی سیاسی یەکێتی سۆڤێتدا، هەر لەو چوارچێوەیەدا بووە دەزگایەکی ئاڵۆزی تێوەگلاو لە دەسەڵاتی سیاسی و ئاراستەکردنی بەشێکی گەورەی ئابوری وڵات . (Fenzel,2013:p168)

لە ئەنجامیشدا ئەو پەیماننامە دۆستایەتی و هاوکارییەی ئەفغانستان لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت واژۆی کرد کلیلی هاتنەناوەوەی هێزەکانی سوپای سۆڤێت بوو بۆ نێو ئەفغانستان، چونکە سەرکردەکانی سۆڤێت بە پاڵپشتی ئەو پەیماننامەیەو داواکاری ڕاستەوخۆی سەرکردەکانی ئەفغانستان شەرعیەتێکی یاسایی نێودەوڵەتیان بە پرۆسەی سەربازی بۆسەر ئەفغانستان بەخشی، لێرەدا کۆی فاکتەرە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانیش پێکەوە بوونە هۆی ڕاکێشانی سۆڤێت بۆ نێو ئەفغانستان، لەکۆی ئەو فاکتەرانەیشدا یەکێتی سۆڤێت پلان و بەرژەندی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ستراتیژی هەرێمی تایبەت بەخۆی هەبوو، کە دەیویست سەرەتاکەی لە ئەفغانستانەوە دەستپێبکات، چونکە ئەفغانستان لەسەر ئاستی هەرێمی گونجاوترین وڵات بوو بۆ یەکێتی سۆڤێت بۆ ئەوەی داگیری بکات، لە هەمان کاتدا ئەفغانستان دەبووە پردی پەڕینەوەی سۆڤێت بۆ سەرجەم ئامانجە هەرێمیەکانی دیکە، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەگەڵ ئەوەی یەکێتی سۆڤێت لەڕووی ئایدۆلۆژی و سەربازیەوە خۆی بەسەرکەوتوو لەو پرۆسەیە دایە قەڵەم، لە هەمان کاتدا سۆڤێت ویستی ئەوە نیشانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بدات، کە هەر وڵاتێك مەبەستی بێت، دەتوانێت لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا کۆنترۆڵی بکات، بەڵام لە پێشبینیەکانی بۆ کاردانەوەی

نێودەوڵەتیەکان بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی جارێکی دیە بە هەڵەدا چوو، چونکە سۆڤێت لە ڕوانگەی لەدەستدانی ئێرانی شاهەنشایی و قەیرانی بارمتەکان و کێشە نیوخۆییە ئابوریەکانی ئەمریکاوە پێشبینی نەبوونی کاردانەوەی واشنتۆنی کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەمریکا بەرژەوەندی باڵاو دۆست و هاوپەیمانی سەرەکی لە ناوچەکەدا هەبوو، کە نەیدەویست لەڕێگەی داگیرکردنی ئەفغانستان یان هەر وڵاتێکی دیکەی ناوچەکەوە مەترسیان لەسەر دروست ببێت، لە کاتی درستبوونی مەترسیش لەسەریان، کاردانەوەی توندی دەبوو، بەڵام سەرکردەکانی سۆڤێت ئەوەیان لەبەرچاو نەگرتبوو.

**(١-٥) پرۆسەی بە (سۆڤێتیکردنی-Sovietation) ئەفغانستان:**

پرۆسەی سەربازی سۆڤێت بۆ سەر ئەفغانستان تەنها کۆنترۆڵکردنی سەربازی ئەو وڵاتە نەبوو، بەڵکو پرۆسەیەکی گەورەی بە (سۆڤێتیکردنی-Sovietation) ئەفغانستان لە پشت ئەو پرۆسەیەوە بوو، لەم کارەشدا (P.D.P.A) پاڵپشتێکی توندی سۆڤێت بوو، ژمارەی ئەندامانی ئەم پارتە لە سەرەتای کودەتای (بەهاری/١٩٧٨)دا (٥٠٠٠) کەس بوو، بەڵام ساڵی دواترو دوای پرۆسەی سەربازی سۆڤێت بۆ ئەفغانستان ژمارەی ئەندامەکانی بۆ (١٨٠٠٠)کەس بەرز بوویەوە، هەرچی جومگە سەرەکیەکانی دەسەڵات و پۆستە باڵاکانی حکومەت لە وەزارەتەکاندا هەبوو بەدەست ئەم پارتەوە بوو.لەگەڵ ئەوەدا حکومەتی کابوڵ بە پاڵپشتی سۆڤێت، دەیویست کاریگەری گەورە لەسەر توێژی لاوان لە پرۆسەی بەسۆڤێتیکردنی ئەفغانستاندا دروست بکات، بۆ ئەو مەبەستەش لە ماوەی داگیرکاری سۆڤێت لە ئەفغانستان (٢٥٠٠٠-٤٥٠٠٠) لاوی ئەفغانی بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن چوونەتە سۆڤێت و گەڕاونەتەوە ئەفغانستان، زۆرینەی ئەم لاوانە لەژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤێتدا بوون و دوای گەڕانەوەشیان دەستبەجێ پۆستە حکومیەکانیان لە وەزارەتە جیاوازەکاندا وەردەگرت.(Husain and rose, 1988: P101)

پاش کۆتایی پرۆسە سەربازیەکە بۆ سەر ئەفغانستان، لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٠)وە ڕاوێژکارە سۆڤێتیەکان بوونە ڕاوێژکاری سەرەکی لە دامودەزگا سەربازی و مەدەنیەکانی ئەفغانستاندا، لە وەزارەتی پەروەردەشدا ڕاوێژکارە سۆڤێتیەکان سەرپەرشتی گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و پەرتوکەکانی نێو قوتابخانەکانی ئەفغانستانیان دەکرد، بەجۆرێك لە گەڵ هەژموون و دەسەڵات و کەلتوری سۆڤێتیدا بگونجێت.(Amstutz,1986:p59 ) ژمارەی ئەم ڕاوێژکارانەی یەکێتی سۆ ڤێتیش تا دوای کودەتای (بەهاری/١٩٧٨) بۆ (٧٠٠) ڕاوێژکار و دوای تەواوبوونی پرۆسە سەربازیەکە بۆ (٢٠٠٠)ڕاوێژکار بەرز بوویەوە.(Saikal, 2004: P191 ) ژمارەیەکی دیاری مامۆستای نێو خوێندنگاکانی ئەفغانستانیش لە یەکێتی سۆڤێت و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە هاتبوون، لە پرۆگرامی خوێندنی ئەفغانستانیشدا لە وانەکانی تایبەت بەکۆمەڵناسیدا گرنگی گەورە بە خوێندنی کۆمۆنیزم درا و لە پرۆگرامی خوێندنی مێژوویشدا بایەخی گەورە بە یەکێتی سۆڤێت و ڕۆڵی سۆڤێت لە مێژووی ئەفغانستاندا درا. .(Husain , rose.E, 1988: P101)

سۆڤێت دەیویست لەسەر ئاستی زانکۆکانی ئەفغانستانیش کاریگەری تایبەتی خۆی دروست بکات ، بۆ نموونە لە بەشی زانستە سیاسییەکان سۆڤێت کاریگەری تایبەتی خۆی دروست کردبوو، لەبەشی مێژوویش ، مێژووی ڕوسیا و قۆناغەکانی گەشەسەندنی بایەخێکی گەورە و گرنگی پێ درابوو، لەگەڵ ئەوەدا مێژووی کۆلۆنیالیستی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئەفغانستان و سیاسەتی نێگەتیڤی ئەو وڵاتانە لە ئەفغانستان گرنگی زۆری پێ درا، پاشان ڕۆڵی نێگەتیڤی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە ڕۆڵ و هاوکاری و پرۆژەکانی بونیادنانی سۆڤێت لەسەر خاکی ئەفغانستان بەراورد دەکران، هەر لە چوارچێوەی سیاسەتەکانیدا، سۆڤێت بایەخێکی زۆری بە خوێندنی زمانی ڕوسی لە ئەفغانستان دا، بۆ نمونە لە قۆناغی ناوەندیدا خوێندنی زمانی ڕوسی بەتەواوەتی لەجێی زمانی ئینگلیزی دانرا، هەر لەو چوارچێوەیەدا خوێندن

به زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی تەواو سنوردارکران و خوێندنی پرۆگرامەکان بە زمـانی ڕوسـی زاڵ کـرا، لە زانکۆی کابوڵیش بەشی تایبەتی بۆ فێربوونی زمانی ڕوسی کرایەوە، بەڵام لە خوێـندنگە سـەربازیەکان و یەکەکـانی مەشق و ڕاهێنانی سوپادا زمـانی سـەرەکی ڕوسی بـوو، لە هەمـان کاتـدا ڕاهێنانەکـان لەسـەر چەکـی ڕوسـی لەلایەن ئەفسەران و پلە باڵایانی ڕوسیەوە بـوو، هەر ئەمەش وایکـرد بەکارهێنـانی زمـانی ڕوسـی لە نێـو سـوپای ئەفغانیـدا بە شـێوەیەکی بەربـڵاو پەرە بسـێنێت، بەڵام پرۆگرامـی سـەپاندنی زمـانی ڕوسـی لەلایەن بەشـێکی دیـاری کۆمەڵگـای ئەفغانیەوە ڕەتکرایەوە.(Amstutz,1986:pp307-309 )

لەڕووی ئابوریشـەوە سـۆڤێت ڕایگەیانـد:" بە بـڕی (١٢٠) پـرۆژەی ئـابوری و پیشەسـازی و کشـتوکاڵی هاوکـاری ئەفغانسـتان دەکـات، کە (٧٠) لەم پـرۆژانە تـا سـاڵی داهـاتوو (١٩٨٠) تەواو دەبـن، هەروەهـا هاوکـاری ئەفغانسـتان لە تەواوکردنـی (٧٠%) ڕێگاکـانی هـاتوچۆ لە نـاوچە سـەخت و شـاخاویەکان دەکـات، لەگەڵ ئەوانەدا سـۆڤێت ئەرکـی دروستکردنی (٣) فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بۆ ئەفغانستان لە ئەستۆ دەگرێت. (Amstutz,1986:p24 )

لە سـاڵی (١٩٨٠)وە بریژنێـف بڕیاریـدا لە ڕووی کـاری ڕاگەیانـدن و پروپاگەنـدەییەوە هاوکـاری گەورەی حکـومەتی کابوڵ بکرێت، لەم هەنگاوەیشیدا سۆڤێت ڕاگەیاندنی ئەفغانی بـۆ ئامـانجە تایبەتیەکـانی خـۆی تەرخـان کـرد، لەسـەر ئاستی نێوخۆیی ئەفغانستانیش ڕاگەیاندن خرایە خزمەتی سیاسەتەکانی حکومەتی کابوڵ و یەکێتی سـۆڤێتەوە ، بـۆ ئەو مەبەستەش بەشێوەیەکی پێشکەوتوو سۆڤێت پروپاگەنـدەی ڕۆژنـامە و گۆڤـا ر و ئێـزدگەی ڕادیـۆی بـۆ پاڵپشـتی حکومەتی کـابوڵ دابینکرد.(Doohovskoy,2009:p44 ) ، تـا سـاڵی (١٩٨٣) دوای ڕێککەوتنـی نێوانیـان، سـۆڤێت (٣) ستۆدیۆی تەلیڤزۆنی لە ئەفغانستان دامەزراند، لە بواری میدیا و ڕاگەیاندنیشدا مەشقی تـایبەتی بە کەسـانی ئەفغـانی دەکرد، بـۆ ئەو مەبەسـتەش لە (تشـرینی دووەمـی/١٩٨٠-کـانونی دووەمـی /١٩٨١) (١٠) میـدیاکاری ئەفغـانی (٥)یـان بـۆ تەلیفزیۆن و (٥)یان بۆ رادیۆ بۆ مەشـقی کـاری میـدیایی نێـردران بـۆ یەکێتـی سـۆڤێت. هەروەهـا چەنـدین ڕۆژنـامەو بڵاوکـراوە لەژێـر چـاودێری یەکێتـی سـۆڤێت لە شـارەکانی ئەفغانسـتان دەردەچـوون، بـۆ نمـوونە ڕۆژنامەکـانی وە (سۆسیالیزم) و (تیۆریا و پراکتیـك) ڕۆژانە (٣٠٠٠) دانەیـان لە ئەفغانسـتان لـێ بـڵاو دەکـرایەوە، ڕۆژنـامەی (Iunst) کە ڕۆژنامەیەکی لاوان بوو ڕۆژانی (١٠٠٠) ژمارەی لێ بڵاو دەکرایەوە، (Doohovskoy,2009:p46 )، هەروەهـا چـاپکراوی دیکە لە شێوەی کتێب و نامیلکەدا تایبەت بە ڕیفۆرمەکانی (D.R.A) و وتارەکـانی (بـابراك کارمـڵ) و چەنـدین بـابەتی دیکە لە سۆڤێت چاپ دەکران و پاشان بۆ ئەفغانستان دەنێردران، ژمارەی ئەو کتێب و نامیلکانەش کە لە سۆڤێت چاپ دەکـران و بـۆ ئەفغانسـتان دەنێـردران، بـۆ سـاڵی (١٩٧٩) (٢٩،٠٠٠) کتێـب بـوو، بەڵام ئەم ژمـارەیە بـۆ (٧٢٠،٠٠٠) کتێـب و نامیلکەی ساڵی (١٩٨٠) بەرزبوویەوە. .(Doohovskoy,2009:p48 ) سەرکردە کۆمۆنیستەکانی ئەفغانسـتانیش لە ژێـر کـاریگەری و بە پاڵپشـتی یەکێتـی سـۆڤێت، هەوڵیـان دەدا نـوخبەی ڕۆشـنبیران و مامۆسـتایان و ئەفسـەرانی سـوپاو بەشێك لە خەڵکانی چینی ناوەندی کۆمەڵگای ئەفغان لەماوەیەکی کەم و کورتدا و لەژێر کاریگەری کۆمۆنیزمـدا بـکەنە خەڵکانێکی ئایدۆلۆژی، پاشان ڕووبەڕووی هەمـوو کەسـێکی دژە بیرکـردنەوەی دەسـەڵاتی بـکەنەوە، لێـرەدا پرۆسـەی توندی مۆدێرنیزەکردن و بەسۆڤێتیکردنی ئەفغانسـتان بەشـێوەیەکی تونـد بـووە هـۆی هوروژانـدنی خێـرای تـوڕەیی کۆمەڵگـای ئەفغـانی بەگشـتی و هێـزە چەکـدارە بەرهەڵسـتکارەکانی حکـومەتی کـابوڵ بە تـایبەتی . ,Margolis ) 2001:PP14-15) بەشـێوەیەکی گشـتیش یەکێتـی سـۆڤێت دەیویسـت کۆمـۆنیزم لەنێـو کۆمەڵگـای ئەفغانـدا بەتەواوەتی پەرەپێبدات و سیستمی حوکمڕانیش لەو وڵاتە بکاتە سیستمێکی سۆسیالیستی و پاشان کـۆنترۆڵی وڵات بەگشتی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.(Isby, 1986:p 6 )

بەم شێوەیە یەکێتی سۆڤێت دوای بەهێزکردنی پێگەی ئابوری وسەربازی خۆی لە ئەفغانستان ، پرۆسەیەکی بەرفراونی بەسۆڤێتیکردنی ئەفغانستان و کۆمەڵگای ئەفغان دەستپێکرد، لەچوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا سۆڤێت دەیویست لەسەر بنەمای مارکسیزم-لینینیزم پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی ئەفغانستان ئەنجام بدات، بەجۆرێك پرۆسەکە کۆی دامودەزگانی حکومەت و سیستمی سیاسی وڵات و کۆمەڵگای ئەفغانی لە سەرجەم لایەنەکانی سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی سەربازی و کارگێڕی و تەناتەت کاری میدیایی و ڕاگەیاندنیش بگرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەم پرۆسەیە هەوڵی زاڵکردنی بەڕێگای زەبر وزەنگ لە نێو کۆمەڵگای ئەفغانی درا، هەر لەبەر ئەوەش بوو زۆر بەتوندی لە لایەن زۆرینەی کۆمەڵگای ئەفغانیەوە ڕەتکرایەوە، ئەمەش هەنگاوێکی هەڵەی دیکەی سۆڤێت بوو، کە دەیویست تەنانەت مارکسیزم بەسەر خێڵ و عەشیرەتەکانی وڵاتێکی ئیسلامیدا بسەپێنێت، کە خۆی لە خۆیدا دژایەتیکردنی ڕاستەوخۆی بەها ئاینی و کەلتوری کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگایەکی دیکەیە، خودی ئەم پرۆسەیەش ئەوە دەردەخات کە مەبەستی سۆڤێت لە پرۆسە سەربازییەکەی تەنها پاراستنی حکومەتی کابوڵ و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری ئەفغانستان نەبوو، بەڵکو سۆڤێت دەیویست ئەفغانستانیش وەك کۆمارێکی دیکەی نێو سنوری وڵاتەکەی لێ بکات، دەسەڵاتی سیاسیش لە ئەفغانستان چۆن بووە ڕێگاخۆشکەری سەرەکی پرۆسەی سەربازی سۆڤێت بۆسەر ئەفغانستان، بە هەمان شێوە بووە ڕێگاخۆشکەری سەرەکی پرۆسەی بەسۆڤێتیکردنی ئەفغانستان.

**ئەنجام:**

١- سەرەڕای چەند کاردانەوەیەکی سنوردار لەسەر ئاستی نێوخۆی ئەفغانستان، سوپای سۆڤێت توانی بە کەمترین زیانەوە و لە کورترین کاتدا ئەفغانستان داگیر بکات.

٢-پرۆسەی سەربازی سۆڤێت بە زۆرینەی زۆری دەنگ لە نەتەوە یەکگرتووەکان (U.N) بە پرۆسەیەکی داگیرکاری سەربازی لە قەڵەم درا، لەبەر ئەوەش بوو بەدرێژایی ساڵانی دوای پرۆسەکە بابەتی داواکاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پاشەکشەی سۆڤێت لە ئەفغانستان زۆرترین دەنگی دەهێنا.

٣-هەرچەندە سۆڤێت بەردەوام ڕایدەگەیاند، کە پرۆسەکە تەنها بۆ پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری ئەفغانستانە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەجێندا و پلانێکی درێژخایەنی سۆڤێتی لەپشتەوە بوو، کە بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیای دەگرتەوە.

٤- سۆڤێت ویستی لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە نمایشی هێزو کاریگەری خۆی لەبەرامبەر ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بکات، لەهەمان کاتدا پەیامێکیش بوو بۆ کۆی وڵاتانی دۆست و هەواداری لە جیهانی سێ و بلۆکی سۆسیالیستی، کە لە کاتی پێویستدا سوپای سۆڤێت پاڵپشت و هاوکارێکی گەورەی ئەوانە.

٥- سۆڤێت ویستی لەسەر بنەمای مارکسیزم-لینینزم پرۆسەی بەسۆڤێتیکردنی ئەفغانستان لەسەرجەم لایەنەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و فەرهەنگی و.....هتد ئەنجام بدات، ئەم پرۆسەیەش تەواو پێچەوانەی داب و نەرێت و ئاین و بەها کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای ئەفغان بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو لە قۆناغەکانی دواتردا ئەفغانەکان توندترین کاردانەوەیان بەڕووی ئەم پرۆسەیەدا ئەنجامدا.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**أ-کتێب و سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:**

1-Amstutz,J.Bruce .(1986). afghanstan the first five years of soviet occupation, washington d.c, national defence university press.

2-Bottelier Thomas W, The Geographies of Containment , Reappraising American Foreign Policy During the Early Cold War 1945-1953, Erasmus School History. .

3-Chomsky, Noam, Vltchek, Andre .(2013). On Western Terrorism From Hiroshima to Drone Warfare, , U.S.A , Pluto Press.

4-Courtois, Stephane and Others.(1999). The Black Book of Communism ,Crimes,Terror, Repression ,T.By: Jonathan Murphy and Mark Cramer, , U.S.A , Harvard University Press.

5-Doohovskoy, Andrei A.(2009). Soviet Counterinsurgency in the Soviet- Afghan War, U.S.A Harvard University..

6-Dudik, Major Charles E .(2009). the soviet afghan war a superpowers inability to deny insurgent sanctuary , u.s. marine corps, , Virginia, marine corps university.

7-Eflein, Colonel Dennis J.(1992). Afghanistan a Soviet Failure , U.S.Army War College ,Aire Force.

8-Feifer, Gregory.(2009). the great gamble the soviet war in afghanistan , australia , harper collins e-books .

9- Fenzel, Michael R.(2013). the failure of soviet decision making in the afghan war 1979-1989, , california , monterey ,naval postgraduate school.

10-Hood bhoy, Pervez, the genesis of global jihad in afghanistan, Pakistan, quaid-e-azam university , islam abad university.

11-Husain, Noor A and rose, Leo E.(1988). Pakistan U.S Relations , , U.S.A , Institute of East Asian Studies, University of California.

12-Isby, David .(1986). Russian's War in Afganistan, London , Osprey Publishing.

13-Jones, Toby C and others.(2011). The Guise of Rollback When Overthrow isn’t the end Game, New Brunswick, Rutgers University.

14-Malik, Hafeez.(1987). soviet american relation with pakistan, iran and afghanstan, u.s.a, library of congress.

15-Margolis Eric S .(2001). War at the Top of the World, The Struggle for Afghanistan, Kashmir and Tibet, New York, Rutledge Publishing.

16-Rasanayagam, Angelo .(2002). afghanistan a modern history, new York, i.b. taurris publishers.

17-Saikal, Amin .(2004). Modern Afghanistan a History of Struggle and Survival, New York, I.B Tauris Publishing.

**٢-سەچاوە عەرەبیەکان:**

١- بارزی، تریتا. (٢٠٠٨.). حلف المصالح المشترکه التعاملات السریه بین اسرائیل و ایران والولایات المتحده، دار العربیه للعلوم ، بیروت.

٢- جنسن، لوید. (١٩٨٩). تفسیر السیاسة الخارجیة،ت.د.محمد بن احمد مفتی و د. محمد السید سلیم، ریاض، جامعة الملك سعود.

٣- دسوقي، عیسی سید عیسی. (٢٠٠٥). أفغانستان تقویم جغرافي للواقع السیاسي وتداعیاته، منشاة المعارف، الاسکندریة.

٤- عبدالعزیز، محمد. (٢٠٠٠). القضیة الافغانیة حلقة الاقتتال المفرغة، قاهرة ، مرکز الحضارة للدراسات السیاسیة.

**٣-سەرچاوە کوردیەکان:**

١-صابر صالح، یاسین.( ٢٠٠٩). ئینسایکلۆپیدیای گشتی، ب٣، چ٢، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢-لۆهبیـك، كـۆرت.( ٢٠٠٢). جەنگـی پیـرۆز، سـەركەوتنێكی نـاپیرۆز،و.هێزا، دارشـتنەوەی ئـاگر بورهـان قـانع، چ١، سەنتەری چاپ و پەخشی سلێمانی، تەما.

٣-تلوعی، مەحمو،.( ٢٠١٢). لە لینینەوە تا پۆتین، و. رەسوڵ سوڵتانی،چ١، دهۆك ،چاپخانەی خانی. .

**٤-سەرچاوە فەرەنسیەكان:**

1-Abu-Zahra, Mariam et d'autres.(2010). Les Crisis En Afghanistan Depuis Le Xix[E] Sie'cle, IRSEM, Institut De Recherché Strate'gique De L'Ecole Militaire, Franceaise .

2- Atlas Histoique .(2003). La Guerre d'Afghanistan 1979-1989, Contexte et De´roulement.

3- Ricard, Serge.(2005). Les E'tats Unis et la Fin de la guerre Froide, L'Harmatan , Paris.

4-Qaderi, Abdulhadi.(2009). Analyse La Revolution Afghane De 1978 en rapport Avec Les Enjeuy Regionaux et Internationaux Dan Le Context De La Guerre Froide, Universite' Du Que'bec a Montre'al.

**٥-بەڵگەنامەكان:**

**أ-بەڵگەنامە ئەمریكیەكان:**

1- Memorandum From Zbigniew Brzezinski For the President, Subject : Reflection on Soviet Intervention in Afghanistan, The White House, Washington, December 26,1979.

2- Keesing's Record of World Events (formerly Keesing's Contemporary Archives),Subject: Entry of Soviet Troops - Overthrow of President Amin - Installation of Karmal Regime - Deployment of Soviet Troops throughout Country - Volume 26, May, 1980 Afghanistan.

**ب-بەڵگەنامە ڕوسیە وەرگێڕدراوەكان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی:**

1- Inrernational Relations and Security Network,( Brezhnev Doctrine) Speech by First Secretary of the Soviet Union( Leonid Brezhnev) 13 November 1968.

2- Politburu Memorandum on Sending Five Hunded Soviet Trups, Disguised not to Rival Their Nationality to Protect Afghanistan President Amin, Comunist Party of the Soviet Union, Central Commette, December 6, 1979.

**٦-پەیماننامە:**

1 Afghanstan and Union Of Soviet Socialist Republic, Treaty of friendship, good-neighbourliness and co operation. Signed at Moscow on( 5/ December/ 1978.)

**٧-توێژینەوەكان:**

1-Lipson, Leon S.(1987). The National Councle for Soviet and East European Research, , U.S.A , Columbia Universit y.

2-Rea, Kenneth E. Peking and the Brezhnev Doctrine, Source: Asian Affairs, Vol. 3, No. 1 (Sep. - Oct, 1975).

3- Owens, Colonel Daniel E .(1989). Assessment of Politico Military Lessons, Learned from Soviet Intervention in Afghanstan, Aire War College Research Report, U.S.A, Alabama Aire War Base.

**٨-بەڵگەنامەی** U.N:

1- Charter of the United Nations and Statute of the International Court of Justice, Article 1, San Francisco 1945.

**٩-نامەی ئەكادیمی بڵاونەكراوە:**

١- هادي على،عبدالمنعم. (٢٠٠٦). ایران و روسیا دراسة فی واقع الجـوار والتنبـؤ فیـه، رسـالة ماجسـتیر، كلیـة آداب ، قسم جغرافیة، جامعة كوفة.